عێراق ... گەڕاندنەوەی زیاتر لە نیو ملیۆن دۆلار پارەی قاچاخ

دەستەی دەستپاکی عێراق رایگەیاند، زیاتر لە نیو ملیار دۆلار لە پارەی قاچاخ گەڕاندووەتەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت و ئاماژەی بەوەکرد لە هەوڵدان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەردەوامن.

ئەمڕۆ شەممە، محەمەد عەلی لامی، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی عێراق بڵاویکردەوە، لە ساڵی ٢٠٢٤ دا سەرکەوتوو بوون لە وەرگرتنەوەی زیاتر لە نیو ملیار دۆلار پارەی قاچاخ و حکومەتی عێراق توانیویەتی بە باشی بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە.

وتیشی، حکومەتی عێراق چەند یاسایەکی داڕشتووە کە سیستمی یاسای بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی بەهێزدەکات.

هاوکات، دەستکەوت و پاراستنیان بۆ ئەو کەسانە دابینکردووە کە هاوکارن لە ئاشکراکردنی دۆسیەکانی گەندەڵی، لەگەڵ راهێنانی کارمەند و بەخشینی بڕوانامەی ئەکادیمی لەو بوارەدا.